# نامەیەك كە لە دوا پەیامی ماركیز دەچێت

وەرگێڕانی : تاهیر عەبدولواحید
Tahercen@yahoo.com

لەسەر چرپای ناساغی و دوای ئەوەی نەخۆشیەكی كوشندە تەنگی پێهەڵچنیوە (گابریل گارسیا ماركیز ) ی ڕۆماننووسی كۆلۆمبی لە ڕابردویەكی نزیكدا نامەیەكی ئاراستەی هاوڕێ و خۆشەویستەكانی كردووە . ئەم نامەیە هەر زوو لە ڕێگەی پەیوەندی ئەلەكترۆنیەوە دەستاودەست گەیشتە ملیۆنەها لە هاوڕێ و ئەو كەسانەی خۆشیاندەوێت لە تەواوی دونیادا . منیش وەك كەسێك كە ڕێز و خۆشەویستیم هەیە بۆ خۆی وەك مرۆڤێكی گەورە و شاكارە ئەدەبیەكانی دەقی نامەكەی ماركیز وەردەگێڕمە سەر زمانی كوردی تا خوێنەرانی كوردیش بە جوانی و پەیامی بەرزی مرۆڤانەی ئەم ئەفرێنەرە گەورەیەی جیهان بگەن ..لەنامەكەیدا ماركیز وادەستپێدەكات ::

(گەر خواوەند ویستی بیری بچێتەوە كەمن بوكەڵەیەكی پەڕۆینەم و مشتێك ژیانی تری پێمبەخشیەوە .بە هەموو توانای خۆمەوە بەكاری دەبەمەوە .لەوانەیە ئەوانەیبیریان لێدەكەمەوە نەم وتبن، بەلاّم بێگومان بیر لە هەموو ئەوانە دەكەمەوە كە دەیانڵێم . بەها دەدەمەوە بە شتەكان ،بۆئەوەنا كە كەوەك ئەوەی نوێنەرایەتیان دەكەن ،بەڵكو لە پێناو ماناكانیاندا. ئەوكات كەمتر دەخەوم،بەلاّم زۆرتر خەون دەبینم، بەو هەستەوە كەهەر دەقیقەیەك خەوتن زیانی ( 60 ) سانیە ڕووناكیم پێدەگەیەنێت ،

ئەوكات من ڕێدەكەم و ئەوانی تر وەستاون ،كاتێكیش كە من بە ئاگا دێمەوە ئەوانی تر خەوتون، گەر خواوەند ویستی كەمۆكەیەك ژیانی ترم پێببەخشێ ، جل و بەرگێكی ئاسایی دەپۆشم و بەسەر ڕووی زەویدا خۆم هەڵدەخەم بەڕووتی . مەبەستم تەنها ڕووتی جەستەم نیە ، بەڵكو ڕووتی ڕۆحیشم مەبەستە ، ئەوكات بۆ هەموو خەڵكی دەسەلمێنم كەتاچەند هەڵەن گەر پێیان وابێت ئەوكاتە پیردەبن كەناتوانن عاشق بن ، ئەوان نازانن ،كاتێك پیردەبن كە دەستیان لە عەشق هەڵدەگرن،،

باڵ دەبەخشم بە منداڵ،بەلاّم لێیدەگەڕێم تا خۆی فێری فڕین ببێ، پیرەكانیش لەسەر ئەوە ڕادەهێنم كە مردن بەهۆی تەمەنەوە نایەت ،بەڵكو بەهۆی لەبیرچونەوەوە پەییان پێدەبات ،،

من زۆر لە ئێوەوە فێر بوم ئەی ئادەمیزادەكان ،تێگەیشتم لەوەی كەهەمووان دەیانەوێت لە لوتكەدا بژین ، بەلاّم نازانن كە نهێنی خۆشبەختی لەوەدایە كە چۆن لە لوتكەوە بۆ خوارەوە دەنیشینەوە؟، تێگەیشتم لەوەی كە منداڵێكی تازە لەدایكبووكاتێ بۆ یەكەم جار و توند پەنجەكانی باوكی دەگوشێت ،واتە بۆ هەتاهەتایی پەنجەكانی ئەوی گرتووە ،، فێربوم مرۆڤ مافی خۆیەتی لەسەرەوە لەوانی دی بڕوانێت ،

بەلاّم ئەمە لەكاتێكدا دەبێت كە هاوكاریی بەرامبەرەكەی بكات تابتوانێت بكەوێتە سەر پێیەكانی خۆی ،

بەڵكو زیاتریش لەوە لێتانەوە فێربووم ،بەلاّم ئەمەش زۆربەكەمی بەفریام دەگات،ئەوكاتەی كە لێدەبمەوە لە ڕێكخستنەوەی تێگەیشتن و زانیاریەكانم من لە لێواری ماڵئاواییدام..

بەردەوام ئەوەی كە هەستی پێدەكەیت بیڵێ و ئەوەش كە بیری لێدەكەیتەوە ئەنجامی بدە.، گەر بمزانیایە كە ئەمە دواجارە بە خەوتویی دەتبینمەوە باسكم بۆ ڕادەخستی و نوێژم بۆ دەكردی تا خواوەند بمكاتە پاسەوانی ڕۆحت ،،گەر بمزانیایە ئەمە دواچركەساتەكانی تەمەنمە لەگەڵ تۆدا دەموت( خۆشم دەوێیت ) و بەشەرمەوە خۆم گێل دەكرد لەوەی كەتۆش ئەوە دەزانی .. . بێگومان ڕۆژێكی تریش هەیە ، ژیان هەلێكی تریشمان پێدەبەخشێت تا كاری چاكەی تیابكەین ، بەلاّم گەر من بە هەڵەدا چوم و ئەمە دواڕۆژە لە ژیانم حەز ئەكەم پێت بڵێم ،چەندم خۆشئەوێیت و چەندێك من تۆ لە یادناكەم ،چونكە لە سبەی دڵنیانین نەبۆ گەنجەكان و نە بۆ بەتەمەنەكان،لەوانەیە ئەمە دوا جاربێت ئەوانەی كە خۆشمان دەوێن بیانبینین،

دەی با دەستبەكاربین،دەنا پەشیمان دەبینەوە،چونكە ئێمە توانای تەواومان بەكار نەبرد تا خەندە بكەین،تا ماچێك بكەین.یان لەوانەیە ئێمە سەرنە پەرژابێتین تا ووشەیەك بڵێین كە هیوای تێدا بەدی بكرێت،

ئەوانەی كە خۆشتانیان دەوێن و خۆشتان دەوێن لە نزیك خۆتانەوە بیانهێڵنەوە، بە چرپە پێیان بڵێن كە ئێوە پێویستتان پێیانە،خۆشتانبوێن و گرنگیان پێبدەن ،كاتی تەواو وەرگرن تابتوانن بڵێن :

**لێتان تێدەگەین ،، بمان بەخشن،،بەیارمەتیتان،،سوپاس،، و هەموو ووشەکانی تری خۆشەویستی کە دەیانزانن ، . کەس یادی بیرکردنەوە پەنهانەکانتان ناکاتەوە،داوا لە خواوەند بکەن تا هێز و حیکمەتتان پێبدا بۆ ئەوەی گوزارشتیان لێبکەن ، و خۆشویستنتان بۆ هاوڕێ و خۆشەویستەکانتان بسەلمێنن..**

**سەرچاوە : پێگەی ( دار الحیاة )**